www.kurdistannet.org
12/01/2002 23:42

## ئابلۆقەی ئابوری UN وپیلانێکی ئیمپریالیستی یانە .

ابوبکر احمد سلێمان / هۆڵند

ئەوەزیاترلەدەساڵەبەهۆی پەلاماری سەربازی یانەی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق بۆسەردەوڵەتی کوێیت توندترن ئابلۆقەی ئابوری ولەچوارچێوەی پیلانێکی ئیمپریالیستی یانەداسەپێندراوەتەسەرگەلانی عێراق وبەردەوامیش حەلقەی ئەوئابلۆقەئابوری یەبەبیانوی جۆراوجۆرلەگەردنی خەڵکی بێ چەک وبێ دیفاعی عێراقداتەنگتردەکرێتەوە.بەقەولی UNبۆفشارخستنەسەررژێمی عێراق بۆئەوەی پابەندی بەندەکانی بڕیاری ئاگربەستی(گەردەلولی بیابان) بێت لەجەنگی کەنداولەمەڕ ڕوتاندنەوەی سوپای عێراق لەهەموئەوچەکەبەناوقەدەغەکراوانەی کەلەزەمانی هەشت ساڵ شەڕی عێراق،ئێراندا،لەڕێگای خودی ئیمپریالیزمی جیهانی ولەپێشیانەوە(امریکا)بەرهەم وبەدەستی هێنابون،کەهەرئەوچەکەکۆمەڵ کوژو بەناوقەدەغەکراوانەلەماوەی هەشت ساڵ شەڕی عێراق،ئێراندا هیچ سانسۆرێکیان لەسەرنەبو وبەکارهێنانیشیان حەلاڵ وڕەوابو. یەکەم پرسیارلێرەوەدەست پێ دەکات،کەچۆنەحەلاڵی دوێنێ ئەمڕۆبەفتەایUNحەرام کراوە؟چۆنەلەزەمانی هەشت ساڵەی شەڕی عێراق،ئێراندا خەتەرناکترین چەکی کۆمەڵ کوژلەبەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئێران وتەنانەت لەدژی خەڵکی مەدەنی وخودی خەڵکی بێ چەک وبێ دیفاعی عێراق وئێران بەبەرچاویUNوهەمودنیاوەبەکاردەهات،بەلام بۆیەک جاریش کەس ورتەی لێ وەنەدەهات؟ئەی چۆنەئەمڕۆ(امریکاوبریتانیا)بەتایبەتی لەسەرهیچ قەیدوبەنێک سازش لەگەڵ ڕژێمی عێراق ناکەن وتەنانەت دەیانەوێت بچنەناوکۆشک باڵاخانەکانی سەرۆکایەتی وهەموئەوشوێنانەی کەگومانی ئەوەی لێ بکرێت کەلەوجۆرەچەکانەی تێداشاردرابێتەوە،بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتەحورمەتی سیادەوسەروەری دەوڵەتی عێراق وهتد.؟ بەبڕوای من ڕەگ وڕیشەی هۆکارەکانی ئەم حەرام وحەلاڵەدەگەڕێتەوەبۆسەردەمی ململانەی کۆتایی ساڵانی حەفتای نێوان هەردووقوتبی دەسەلاتی جیهانی ,امریکاویەکێتی سۆڤییێتی ئەوکات،کەلەئەنجامی توندبونەوەی لەڕادەبەدەری کێ بەرکێی ئەودووزلهێزەلەسەرپاوانخوازی جیهان وبەتایبەتی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست،کەئەوکات یەکێتی سۆڤێت تاڕادەیەکی بەرچاولەدوای دەورانی جەنگی سارد،ڕەغبەت ونفوزی لەناوچەکەدابەتایبەتیش لەوڵاتانی عەرەبی نەوت خێزوبەگشتی لەوڵاتانی حەوزەی خلیج پەیداکردبو،کەگەورەترین سەرچاوەی کەرەستەی خاوی بەرهەم هێنان(پترۆڵ)لەناوچەکەداپێک دێنن،کەتاڕادەیەک بەوئەندازەیەش بەرژەوەندی یەکانی ئابوری سیاسی امریکالەناوچەکەدابەرەولاوازی دەچون،ئەمەش بۆامریکاوەک گەورەهێزێکی جیهانی قابیلی قبوڵ وتحمل نەبو،ئیترلەئەنجامی نەمانی هاوسەنگی بەرژەوەندی سیاسی وئابوری هەردووجەمسەری دژبەیەک،امریکاڕازی بوبەئاڵوگۆڕێکی سیاسی لەئێران بەتایبەتی وسەرهەڵدانی جەریانێکی مەزهەبی ئەویش لەبن باڵی یەکێتی سۆڤێت،کەپێی وابو وەک ڕەقیبێکی ئایدولوژی دژبەبلۆکی ڕۆژهەلات امریکاکەڵکی لێ وەردەگرێت،کەچی لەوەرچەرخانێکی سەریع دابەهۆی سیاسەتی پان ئیسلامیستی جمهوری ئسلامی ئێران وسدوری انقلاب بۆوڵاتانی ئیسلامی بەرژەوەندی یەکانی امریکاوبەشێک لەوڵاتانی اوروپای ڕۆژئاوالەناوچەکەداولەسەردەستی جمهوری ئیسلامی ئێران جارێکی دیکەکەوتەمەترسی یەوە.بۆیەامریکا وبەشێک لەوڵاتانی اوروپای ڕۆژئاوا کەوتنەهاندانی ڕژێمی عێراق بۆپاش گەزبونەوەی لەتەواوی بەندەکانی ڕێکوتننامەی (الجزائیر)کەڕژێمی عێراق لەوڕێککەوتننامەیەداکۆمەڵێک تنازولاتی بەئێران لەگەرەونابون لەبەرامبەردەست بەردانی ئێران لەپشتیوانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی لەکوردستانی عێراق.کەئەنجامەکەی شەڕێکی هەشت ساڵەی لێ کەوتەوەولەماوەی ئەم هەشت ساڵی شەڕەداامریکاوبەشێک لەوڵاتانی اوروپای ڕۆژئاوالەپشتی شەڕەکەبون وهەموئەوچەکانەی کەئەمڕۆ وجودیان لەعێراق قەدەغەیەوحەرام کراوەوخەڵکی مەدەنی وبێ دیفاعی ئەم وڵاتەی لەسەرموحاسەبەدەکەن ,دوێنێ دیاری دەستی خودی ئیمپریالیستی جیهانی بون لەپێشیانەوەامریکا بۆئیدامەدانی ئەوشەڕە.بێ گومان هەرکاتێک ئیمپریالیزم بەرژەوەندی یەکانی کەوتبنەمەترسی یەوەپەنای بردۆتەبەردروست کردنی فەزای ناسەبات و(عدم الاستقرار) جائەومەترسی یانەبەهۆی شۆڕش وحەرەکاتی میللی یەوەبوبێت لەوڵاتانی ژێردەست کراودا,یانیش بەهۆی بونی ئیختلافاتی خودی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی یەوەلەسەردابەشکردنی بەرژەوەندی یەکانیان .لەدوای هەشت ساڵ شەڕ هیچ کام لەهەردوولاسەرکەوتنایان بەدەست نەهێنابەسەریەکتریداوبەبێ هیچ ئەنجامێک وبێ قەیدوشەرت شەڕکۆتایی هات.

بەلام بۆئیمپریالیستی جیهانی لەچەندسەرێکەوەدرێژەکێشانی شەڕەکەسودی هەبو ,هەرلەساخ کردنەوەی کاڵای جەنگی یەوەبگرەتادەگاتەکاریگەری دانان لەسەردواخستنی ڕەوتی گەشەکردنی ئابوری وکۆمەلایەتی هەردوو وڵات وچەسپاندنی بەرژەوەندی ئیمپریالیستی یانەیان ولەڕوی سیاسی شەوەپێشگرتن لەسدوری انقلابی جمهوری ئیسلامی ئێران وگۆشەگیرکردنی لەڕوی مجتمعی دەولی و سەپاندنی حەساری ئابوری بەسەری دا,بەمەبەستی ناچارکردنی جمهوری ئیسلامی ئێران کەتەسلیمی ئیرادەی دەولی وئیمپریالیزمی

@kurdistannet

جیهانی بێت ,كەوەک دەسەڵاتێکی ئیسلامی سەربەخۆ لەماوەی ٢٢ساڵی ڕابوردی حوکمڕانی خۆیدالەڕێگای حەرەکاتی توندڕەوی ئیسلامی یەوەلەتەواوی وڵاتانی ئیسلامی دادەوروکاریگەری هەبوەلەڕوبەڕوبونەوەلەگەڵ بەرژەوندی یەسیاسی یەکانی امریکاوبەشێک لەوڵاتانی اوروپای ڕۆژئاوا,لەماوەی هەشت ساڵی شەڕداحکومەتی عێراق چەکوچۆڵێکی زۆرگەورەو خەتەرناکی لەئیختیارنرابو وسوپاکەشی هێزێکی بەتەجروبەوخاراوشەڕەنگێزی لێ دەرچوبو,لەڕوی سیاسی شەوەڕژێمی عێراق وەک گەورەهێزێکی میلیتاری ناوچەکەببۆوەپاڵپشتی یەکێتی وبزوتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی وتاڕادەیەک وڵاتانی نەوت خیزی کەنداوی خستبۆژێرباڵی خۆیەوەولەماوەی هەشت ساڵی شەڕدا باج وسەرانەیان دەدایە(سدام حسێن)بۆخەرجیاتی شەڕەکە .کۆتای هاتنی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق,ئێران,هەم زەمان بولەگەڵ هەرەس هێنانی ئابوری یەکێتی سۆڤێت,وپاشانیش هەڵوەشاندنەوەی بلۆکی ڕۆژ هەڵات بەتەواوی.ئەوەش باشترین فرسەتی هێنایە پێشەوەبۆوڵاتانی پەیمانی ناتۆ,کەهەم پیلانێک دژی حکومەتی عێراق بۆڕوت کردنەوەی سوپاکەی لەهەموئەوچەکوچۆڵەخەتەرناکەی کەلەزەمانی شەڕی هەشت ساڵەدابەدەستی هێنابوڕێک بخەن وهەم سودوەربگرن لەشکەستی سیاسی وئابوری بلۆکی ڕۆژهەڵات,ونەخشەدانان بۆبەستنەوەی سەرچاوەی کەرەستەی خاوی وڵاتانی کەنداو وعربستانی سعودی بەپاشکۆی شەریکاتی پترۆڵی ئیحتیکاری ئیمپریالیستی یەوە,بۆماوەیەکی زەمەنی دورودرێژ,وەهەرئەم حەرەکەتەلەڕوی سیاسیشەوەپارێزەری منافعەسیاسی یەکانی ئیمپریالیستی امریکاو وڵاتانی اوروپای ڕۆژئاوابێت لەناوچەکەدا,خۆئەگەرئەنجامەکانی جەنگی کەنداویش بەوهەموئەهەمی یەتەسیاسی یەوە تەنهاسیناریۆیەکی بێ ئەکتەرو دەرهێنەرەکەی امریکاوپاڵەوانەکەشی سدام حسێن بێت وئەوهەمومڕاوەغەکردن وموشکیلەتراشی یەی امریکابۆدرێژەکێشانی وەزعی مەوجودلەعێراق ,هەربیانویەک بێت بۆشەرعی یەت بەخشین بەمانەوەوبەقایەی نفوزی سەربازی وسیاسی امریکالەناوچەکەدابۆکۆنترۆڵ کردنی هەرئاڵەگۆڕێکی سیاسی چاوەڕوان کراولەئێران وناوچەکەدا,وەیان سزاسەپێندراوەئابوری یەکانی سەرخەڵکی ستەمدیدەی عێراق بەبڕیاری وڵاتانی زلهێزوبڕیاربەدەستی ناوUN لەژێرپەردەی شەرعی یەتی دەولی داکەهەزارویەک پیلانی ئیمپریالیستی یانەی لەژێردایە نیسبەت بەچارەنوس وئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی,یۆتەمێ کردنی سدام حسێن بێت کەمل بدات بەجێ بەجێ کردنی بەندەکانی ئاگربەستی جەنگی کەنداوسزایەکی ڕەوابێت دەرهەق بەتاوانباروفتوایUNی بۆوەرگیرابێت,دەبوفافی مرۆڤ وبەتایبەتی مافی منداڵانیش لەبەرۆچاوبگیرایە,وەک پارێزگاری لەمافی بێ تاوان لەعێراق,کەئەمرۆکاریگەری بڕیاری ئابڵوقەی ئابوری بەتەنهالەگەردنی خەڵکی بێ چەک وبێ دیفاعی سەرتاسەری عێراق ئاڵاوەوباجی ئەوپیلانەهەزارپێ یەی UNخودی خەڵکی عێراق وبەتایبەتی منداڵانی کەمترلەیەک ساڵانەئەیدەنەوە,کەهیچ تاوانێکیان نیەوهیچ ئاگایەکیان نیە لەتاوانەکانی سدام حسێن,کەبەپێی ئیعترافی خودیUN تائێستازیاترلەیەک ملیۆن ئینسان لەعێراق بەهۆی کەم خۆراکی وبەدخۆراکی توشی نەخۆشی جۆراوجۆربون,ومانگانە5000هەزارمنداڵی کەمترلەیەکساڵ لەبرساناوبەبێ شیرگیان لەدەست ئەدەن ودەبنەقوربانی بڕیاری ئابڵوقەی ئابوری .بەپێچەوانەوەئەم بڕیارە, وەک پێویست کاریگەری ڕاستەوخۆی نەکردۆتەسەرخودی ڕژێم,مادام سدام حسێن هەرلەسەرکورسی حوکم ماوە.ئاخربرسی کردنی منداڵان وخەڵکی مەدەنی لەسەرمل هوڕی وقانون شکێنی دیکتاتۆری عێراق ئەگەرئەوەبڕیارێکی ئیمپریالیستی یانەنی یەبەمەبەستی بێ ئیرادەکردن وبرسی کردنی خودی خەڵکی عێراق وکۆنترۆڵ کردنی ئیرادەی سیاسی 20ملیۆن ئینسانی عێراقی ودواخستنی ڕەوتی بینای ئابوری وڵاتێک ولەئەنجامدابەمەبەستی بەستنەوەی هەرحەرەکەتێکی ئابوری ئەم وڵاتەلەداهاتودابەپاشکۆی ترۆستاتی ئیمپریالیستی جیهانی وە,هیچ مانایەکی دیکەی نیە.دەنابرسی کردنی منداڵانی کەمترلەیەکساڵەبەچ معیارێکی عادیلانەومرۆڤانەڕەواوحەقە .؟لێرەدامەسەلەک ئینسان کوشتنەبەکۆمەڵ,چ جیاوازی یەک هەیەلەنێوان بەکیمیای کوشتن وبەبرسێتی کوشتن دا؟ وکامەیەپارێزگاری UNلەمافی مرۆڤ ولەمافی منداڵان وبەقەولی خۆیان لەدیموکراسی یەت؟ئەگەرUNو وڵاتانی زلهێزوبڕیار بەدەستی نا وUN دەیانەوێت تۆڵەلەڕژێمی عێراق بکەنەوە لەبەرامبەر ئەو هەمو تراژیدیای جینۆسایدوتەجاوەزەغەیرەقانونیانەدەرهەق بەخەڵکی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر ,ئەگەروڵاتانی زلهێزوئیمپریالیستی لەپێشیانەوە امریکا خۆیان شەریکی تاوانەکانی سدام حسێن نین وبەڕاستی دەیانەوێت سیستەمی دیکتاتۆری یەت لەعێراق دالەناوبچێت,وبەقەولی خۆیان دیموکراسی یەت لەعێراق بەرقەراربێت وئەگەرنایانەوێت چی تر برسێتی وقات وقڕی یەخەی خەڵکی عێراق بگرێت باپشتیوانی لەحەرەکاتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی عێراق دژی ڕژێمی دیکتاتۆری بکەن,وڕێگەبدەن وڕێگەخۆش بکەن بۆخەڵکی عێراق لەڕێگای ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری یەوەدام ودەزگای دیکتاتۆری یەت هەڵوەشێت ولێ گەڕێن باخەڵکی عێراق سەربەست بن وبەویست وئیرادەی خۆیان هەرجۆرێک لەحوکم بۆخۆیان ئیختیاربکەن.بەڵام هەرگیزامریکاو وڵاتانی ئیمپریالیستی نایانەوێت لەڕێگای ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری خەڵکی عێراقەوە,هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لەعێراقدا ڕوبدات.هەروەک ناشیانەوێت لەڕێگای کودەتایەکی سەربازی یەوەلەئێستاداسدام حسێن لەناوبچێت,پێش ئەوەی کێشەکانی امریکالەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران بەلایەکدابکەون,کەهەرئاڵوگۆڕێکی سیاسی

له‌ئێستادا,ئێران له‌ڕێگای ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی یه‌وه‌له‌عێراق بۆبه‌رژه‌وه‌ندی سیاسه‌تی سدوری ئینقلاب که‌ڵک وه‌رده‌گیرێت که‌75% دانیشتوانی ناوه‌ڕاست وخواروی عێراق له‌موسوڵمانی شیعه‌وشیعه‌ی عله‌وی پێک دێنن,که‌به‌تایبه‌تی زۆرده‌مێکه‌ئێران بۆقۆستنه‌وه‌ی ئه‌وفرسه‌ته‌له‌که‌مین دایه‌, ئه‌گه‌رئه‌وه‌ڕوبدات کێشه‌کانی ئه‌وناوچه‌یه‌له‌ڕوی سیاسه‌تی امریکاو وڵاتانی اوروپای ڕۆژئاوائاڵۆزترده‌بن.به‌هاری 1991گه‌له‌کۆمه‌گێی وڵاتانی په‌یمانی ناتۆله‌شه‌ڕی که‌نداوباشترین فرسه‌تی بۆئاڵوگۆڕی ڕژێمی عێراق له‌ڕێگای ڕاپه‌ڕینه‌سه‌رتاسه‌ری یه‌کان بۆخه‌ڵکی عێراق هێنایه‌پێش که‌لافاوی توڕه‌یی یه‌کپارچه‌یی ڕاپه‌ڕینه‌کان له‌بناگوێی دیکتاتۆری عێراق نزیک ببۆوه‌,به‌ڵام هه‌رزو وڵاتانی هه‌وپه‌یمان شه‌ڕیان ڕاگرت وله‌ڕێگای هێڵی به‌ناوئامینه‌وه‌له‌سه‌رو وله‌خواروی عێراق پێشیان به‌ڕاپه‌ڕینه‌کان گرت وکه‌وتنه‌نه‌خشه‌کێشانی جۆراوجۆربۆخاوکردنه‌وه‌ی ڕاپه‌ڕینه‌کان,بۆئه‌وه‌ی به‌سه‌رکه‌وتنی نیهائی نه‌گات.UN هه‌میشه‌به‌سیاسه‌تی دو ڕو(مزدوج)مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ چه‌سپاندنی بڕیاره‌کانی خۆیدا کردوه‌به‌پێی سیاسه‌ت وبه‌رژه‌وه‌ندی وڵاتانی ئیمپریالیستی, پاش هێرشی سه‌ربازی ڕژێمی عێراق بۆسه‌رده‌وڵه‌تی کوێیت له‌زوترین کاتدابڕیاری ئابلۆقه‌وهێرشی سه‌ربازی بۆسه‌رعێراق به‌توافق وئیمزاگه‌یاندوسوپای عێراق یان له‌کوێیت وه‌ده‌رنا,وئێستاش له‌دوای زیاترله‌ده‌ساڵ ڕۆژانه‌ بازنه‌ی ئابلۆقه‌ی ئابوری توندترئه‌کرێته‌وه‌,به‌بیانوی جۆراوجۆر,به‌ڵام UNله‌به‌رامبه‌ررژێمی داگیرکه‌ری ئیسرائیل دازۆرسازش ونه‌رمی نیشان ئه‌دات,که‌به‌شێکی گه‌وره‌ی له‌نیشتمانی عره‌بی داگیر کردوه‌,که‌چه‌ندبه‌رابه‌ری ڕوبه‌ری (مساحه)ده‌وڵه‌تی کوێیت ئه‌بێت,له‌کاتێداله‌کۆتای ساڵانی 1960 وه‌بڕیاری UNبۆپاشه‌کشه‌ی ئیسرائیل له‌نیشتمانی داگیرکراوی عره‌بی ئیمزاکراوه‌,تائێستائیسرائیل بچوکترین به‌ندی ئه‌وبڕیاره‌ی جێ به‌جێ نه‌کردوه‌,وڕۆژانه‌ش گه‌شه‌به‌سیاسه‌تی ئیستیتانی خۆی ئه‌دات,به‌به‌رچاوی UNوهه‌مودنیاوه‌,به‌بێ ئه‌وه‌ی تائێستاUN هه‌ڵوێستێکی توندی دژی ئیسرائیل نیشان دابێت,وسوریێت له‌سه‌رجێ به‌جێ کردنی بڕیاره‌که‌ی خۆی بۆوه‌ده‌رنانی ئیسرائیل,ڕژێمی داگیرکه‌ری تورکیاماوه‌ی شه‌ش ساڵ زیتره‌ به‌سوپایه‌کی یه‌کجارزۆره‌وه‌ڕۆژ نیه‌سنورنه‌به‌زێنێ وبه‌ده‌یان کیلۆمه‌ترنه‌چێته‌ناوقوڵایی خاکی کوردستانی عێراقه‌وه‌بۆڕاوه‌دونانی پارتی کرێکارانی کوردستانPKKوحورمه‌ت وسیاده‌ی عێراق پێشێل نه‌کات,به‌ڵام وڵاتانی ئیمپریالیستی ئه‌م کرداره‌ی سوپای تورکیابه‌ڕه‌واوعادیلانه‌وپارتی کرێکارانی کوردستان وخه‌باتی ڕه‌وای میلله‌تێکی زیاترله‌پانزه‌ملیۆن ژێرده‌سته‌بۆڕزگاربون له‌زوڵم وسته‌می میللی ودامه‌زراندنی حکومه‌تێکی کوردی له‌سه‌رخاکی خۆی به‌تیرۆریست وئیرهابی مه‌حکوم ده‌که‌ن وپشتیوانی له‌سیاسه‌تی حکومه‌تی تورکیاده‌که‌ن,به‌تایبه‌تی له‌ئینکاری کردنی میلله‌تێکی ژێرده‌سته‌که‌به‌درێژای مێژووبۆ ئیسپاتی هه‌ویه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی خۆی له‌خه‌باتی نه‌پساوانه‌دابوه‌,کوردستان به‌گشتی به‌پیلانکی ئیمپریالیستی یانه‌وناعادیلانه‌وزۆره‌ملێ دابه‌ش کراوه‌به‌سه‌رچه‌ند ده‌وڵه‌تێکی ناوچه‌که‌دا سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که‌هه‌موسیفاتێکی قانونی ومێژووی وه‌ک نه‌ته‌وه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆوبه‌درێژای مێژوو ی کۆن ونوێ له‌سه‌رخاکی خۆی تێدامه‌وجوده‌,وهه‌رله‌سه‌ره‌تای دابه‌ش بونی یه‌وه‌وتائێستاش به‌رده‌وام خه‌ڵکی کوردستان لێره‌وله‌وێ درێژه‌ی به‌خه‌باتی خۆی بۆڕزگاربون له‌زوڵم وسته‌می میللی وچه‌ندلایه‌نه‌دژی داگیرکه‌ران وبۆسه‌لماندنی مافه‌نه‌ته‌وایه‌تی یه‌کانی خۆی داوه‌,به‌ڵام به‌هیچ جۆرێک ئه‌م داواڕه‌وایه‌ی خه‌ڵکی کوردستان له‌لایه‌ن وڵاتانی زلهێزوبڕیاربه‌ده‌ستی ناوUNگوێی لێ نه‌گیراوه‌وهه‌رحه‌ره‌که‌تێکی شۆڕشگێڕانه‌ی خه‌ڵکی کوردستان به‌تمرّدوتیرۆریست ناوبراوه‌,ئه‌مه‌له‌کاتێکدایه‌ که‌زۆرکه‌م میلله‌ت ونه‌ته‌وه‌ماون له‌دنیاداکه‌به‌مافه‌میللی یه‌کانی خۆی نه‌گه‌یشتبێ,وسه‌ربه‌خۆنه‌بێت,به‌ڵام ئینکاری له‌وجودی نه‌ته‌وه‌یه‌کی ڕه‌سه‌ن وسه‌ربه‌خۆی زیاترله‌30ملیۆنی کوردئه‌کرێت وکوردستانیش به‌به‌شێک له‌خاکی وڵاتانی داگیرکه‌رده‌ناسرێت که‌ کوردستانیان پێوه‌لکێندراوه‌.ته‌نانه‌ت ئه‌وه‌ ماوه‌ی زیاترله‌ده‌ساڵه‌که‌حیزبه‌ناسیۆنالیسته‌کانی کورد له‌کوردستانی عێراق,له‌ئه‌نجامی گه‌له‌کۆمه‌گێی وڵاتانی په‌یمانی ناتۆله‌جه‌نگی که‌نداوله‌دژی ڕژێمی عێراق به‌هاری1991فرسه‌تێکی مێژووی زۆرگه‌وره‌یان ده‌ست که‌وت که‌له‌ڕێگای ڕاپه‌ڕینێکی سه‌رتاسه‌ری پیرۆزی خه‌ڵکی کوردستان,وبه‌پێی هه‌ڵبژاردنێکی گشتی ده‌سه‌ڵاتی خۆیان وه‌ک ده‌ست که‌وتێکی میللی وه‌رگرت وپارله‌مان وحکومه‌تی کوردی یان له‌کوردستانی عێراق دامه‌زراند,ئه‌گه‌رچی ئه‌م ده‌ست که‌وته‌ش بۆکوردهه‌ربه‌مردووی له‌دایک بو وبه‌ده‌ستی UNهه‌رله‌ڕه‌حمی ڕاپه‌ڕینه‌سه‌رتاسه‌ری یه‌کانی عێراق وکوردستانداخنکابو,هه‌رله‌سه‌ره‌تاوه‌کۆمه‌ڵێک قه‌یدوبه‌ندبۆئه‌وده‌سه‌ڵاته‌کوردی یه‌له‌گه‌ڵ خودی حیزبه‌ناسیۆنالیسته‌ده‌سه‌ڵاتداره‌کانی کوردستانی عێراقداله‌گره‌ونرابون,

یه‌که‌م: نابێ سنوری ئه‌وده‌سه‌ڵاته‌کوردی یه‌شاری که‌رکوک بگرێته‌وه‌,که‌به‌تایبه‌تی هه‌رله‌سه‌ره‌تای ڕاپه‌ڕینه‌که‌وه‌به‌ده‌ستی خه‌ڵکی کوردستان له‌که‌مترین وه‌ختداشاری که‌رکوک ڕزگارکرابو,هه‌رزووبه‌پێی ڕێککه‌وتنێک له‌نێوان حیزبه‌ده‌سه‌ڵاتداره‌کانی کوردستان وUNشاری که‌رکوک له‌خه‌ڵکی کوردستان وه‌رگیرایه‌وه‌وته‌سلیم به‌ڕژێم کرایه‌وه‌,مه‌به‌ستیUNله‌وکاره‌ئه‌وه‌بو که‌شاری که‌رکوک گه‌وره‌ترین سه‌رچاوه‌ی پترۆڵه‌له‌عێراقدا,ئه‌گه‌رله‌ده‌ست کورده‌کاندابێت بنه‌مایه‌کی ئابوری به‌هێزبۆئه‌وده‌سه‌ڵاته‌کوردی یه‌مسوه‌گه‌رئه‌کات,که‌UN هه‌رگیزئیعترافی زمنی به‌ شه‌رعی یه‌تی ئه‌وده‌سه‌ڵاته‌نه‌کردووه‌ونه‌یده‌ویست بیکات,که‌وجودی شاری که‌رکوک له‌چوارچێوه‌ی سنوری

ئەودەسەڵاتە داڵەگەڵ بەرژەوەندی وسیاسەتەکانیUNنەدەهاتەوە ,هەربۆیە یەکەم مەرج بۆئەودەسەڵاتە مۆقەتە چۆڵ کردنی شاری کەرکوک بووهتد.

دووهەم: سەرەڕای وجودی دەسەڵاتێکی شەرعی ونیمچەسەربەخۆیی کوردی لەدوای پارەمان ,کۆمەڵێک پەیمان وبەڵێن لەنێوان UN وڕابەرایەتی حیزبەدەسەڵاتدارەکان وەزعی یتی کوردستانیش وەک باقی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ڕژێم هەرلەناوچوارچێوەی بڕیاری ئابڵوقەی ئابوری بەقەیدوبەندی UNدامایەوە ,بەبیانوی ئەوەگوایە نایانەوێت حورمەت وسەروەری یەکپارچەیی خاکی عێراق بشکێنن.

سێ هەم: پاش هەڵبژاردنی گشتی بۆپارلەمان وپاشان دامەزراندنی حکومەتێکی شەریکی لەنێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارلەکوردستانی عێراق,ناوەڕاستی ساڵی 1992هەرزو دەوڵەتی ئیمپریالیستی امریکی وبەریتانی بەمەبەستی لەباربردنی پەیوەندنێوان ئەودوحیزبەبەشێوەی جۆراوجۆرکەوتنەپیلان دانان بەتایبەتیش بۆبێ ئیرادەکردنی ڕابەرایەتی هەردوحیزب,لەڕوی ئاسۆی سیاسی یەوەوباوەڕبەخۆبون,هەریەکەومئموری یەتێکیان پێ سپاردن,بۆباشترچەسپاندنی بڕیاری ئابڵوقەی ئابوری لەکوردستان وپاراستنی بەرژەوەندی یەکانیUNولەجیاتی ئەوەیUNسەبارەت کاروبارەکانی کوردستان مامەڵەلەگەڵ حکومەت وپارلەمانی کوردی دابکات بەپێچەوانەوەبەمەبەستی تێکدانی پەیوەندی نێوان هەردوحیزب وشەرعی یەت نەدان بەودامەزراوەقانونیانەلەکوردستانی عێراق,هەرجارەویەکێک لەڕابەرانی ئەودوحیزبە بانگ ئەکران بۆامریکاوبەریتانیاوهەریەکەوجۆرێک پەیمان وبەڵێنیان ئەدانێ ,کەلەئەنجامدا ڕابەرایەتی هەردوحیزب لەبەرامبەرئەوباوەڕوئیعتیبارەی کەخەڵکی کوردستان بەوانی دابو,خۆیان بەدەست بەستەوبێ ئیرادەوبێ توانا دەهاتەپێش چاووهەموئەو وەعدوبەڵێنانەی ئەمریکاوبەریتانیا کەلەڕێگای ڕابەرایەتی هەردوحیزبەوەبەشێوەی دژبەیەک وجۆراوجۆربەگوێی خەڵکی کوردستان دائەدران جگەلەدرۆهیچ شتێکی ترنەبون,وبونەئەفسانەولەئەنجامی توندبونەوەی ناکۆکی یەکانی نێوان ڕابەرایەتی هەردوحیزب بۆڕادەی تەقینەوەلەناوەڕاستی ساڵی 1994دروست پاش دوساڵ لەئاشتی نێوانیان شەڕێکی بێ هودەیان هەڵگیرساندەوە ,ئەم جارەبەدەستی نوێنەرانی شەرعی وقانونی خەڵکی کوردستان خەرمانی خوێن وخەباتی چەندین ساڵەی کوردئاگری تێ بەردرا.

چوارەم: هێشتاUNو وڵاتانی ئیمپریالیستی هەرلەقۆناغی یەکەمی پیلانەکەیاندان دژبەخەڵکی کوردستان وپاش ئەوەیUNبەتەواوی لەگەڵ ڕژێمی عێراق پێک دێنەوەوبەرژەوەندی یەکانی خۆی لەعێراق سەقام گیردەکاتەوە,دواین قۆناغی ئەم سیناریۆیە هەرئەوەدەبێت کەئیترUNلەهەموئەو ئیلتیزاماتانەی خۆی تایبەت بەهێڵی ئامن سەبارەت بەپاراستنی کوردەکان لەهێرشی ڕژێم شان خاڵی دەکاتەوەوپەشیمان دەبێتەوە,وچارەسەری کێشەی سیاسی خەڵکی کوردجارێکی ترتەسلیم بەڕژێم دەکاتەوەوبەمەسەلەیەکی ناوخۆ دەیداتەقەڵەم,کەئەمەڕاستی یەکەوەک ڕۆژی ڕوناک دیارە,بەڵام هەردوحیزبی دەسەڵاتدارخۆیان لەوڕاستی یەلائەدەن وهەموڕاستی یەکیان بەپێچەوانەوەبەگوێی خەڵک داداوەوخەڵک یان بۆڕاهێناوە ,خۆشیان لەماوەی دەساڵی ڕابوردوداسەرگەرمی بەتاڵان بردنی سەروەت وسامانی کوردستان بون وهەروەهابەهەدەردانی دەخل ودەرامەتی نەتەوایەتی کوردی لەشەڕی ناوخۆدا.

پێنجەم: هۆکارەسەرەکی یەکانی ناوخۆسەبارەت بەسەرنەکەوتن ونائومێدی ڕاپەڕینەسەرتاسەری یەکانی بەهاری1991دەست تێکەڵ کردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەگشتی لەگەڵ وڵاتانی ئیمپریالیستی وتەسلیم بونی ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردبەقەزاوقەدەری نەخشەوپیلانەکانی امریکاوبەریتانیا بۆئایندەی عێراق ولیک جیاکردنەوەی حەرەکەتی ئیعترازات و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەڕاپەڕینی سەرتاسەری عێراق وشان خاڵی کردن لەڕابەرایەتی کردنی مەیدانی ڕاپەڕینەسەرتاسەری یەکان وخاوکردنەوەی عەزم وئیرادەی خەڵکی عێراق, لەڕاپەڕینەکاندافرسەتێکی باشی دابەبەڕژێم بۆکۆکردنەوەی هێزەبەزیو وپەرش وبڵاوەکەی و پەلاماری ناوچەڕزگارکراوەکانی خواروی عێراق وتەنانەت سەروی عێراقیش بداتەوەولەماوەیەکی کەمدا توانی تەواوی ڕاپەڕینەکان سەرکوت کات ودواین سەنگەری مقاوەمەت لەخەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق وەربگرێتەوە.کەدەکرابەهۆی یەکخستنی ڕاپەڕینەکانی سەرو وخواروی عێراق ویەکپارچەیی ویەکێتی ڕیزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پەلەلەیەک لابونەوەی وەزعی مەوجودلەعێراق بکرایەوپێش بەسیاسەتی ئیمپریالیستی یانەی امریکاوبەریتانیابگیرابایە ,وچارەنوس وئایندەی خەڵکی عێراق لەدەست گەلانی عێراق دەرنەچوبایە ,ئەم کارەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق وڕابەرایەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردلەکاتێکدابوکەلەهەمولایەکەوەلافاوی ڕاپەڕین وحەرەکەتی پڕجۆش وخرۆش وڕاپەڕیوی سەرتاسەری عێراق لەبەغدای پایتەخت نزیک ببۆوەوخەریک بوڕاپەڕینەکان بەنەتیجەی نیهائی دەگەیشتن ,کەلەئەنجامداUNبەهۆی هاریکاری کردنی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری عێراق توانی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق لەومەرگەحەتمی یەڕزگارکات وئایندەی عێراقیش لەبەرژەوەندی خۆی بسوڕێنێ ,وبەرهەمی ڕاپەڕینەسەرتاسەری یەکەی عێراق بخاتەمەترسی یەوە.گومان لەوەدانی یە کەهەرکاتێک هێزوتوانای خەڵکی ڕاپەڕیو وشۆڕشگێڕلەهەرشوێنێک یەکی گرتبێ تەخت وبەختی هەردیکتاتۆرێکی تێکشکاندوەوبەپێچەوانەشەوەهەرئەندازەپەرشوبڵاوی ونەبونی یەکێتی لەڕیزەکانی خەڵکی

شۆڕشگێڕدابه وئه ندازه یه ش بۆته هۆی لاوازبونی به رامبه ربه دوژمنان و دوباره ئه مه ش ڕاستی یه کی مێژوویی یه وڕابه رایه تی بزوتنه وه ی میللی کوردبه تایبه ت له کوردستانی عێراق ئه زمونێکی زۆروزه به ندی له ده ست دایه .که چی هێشتابه رژه وه ندی شه خسی وعه شائیری خۆیان له سه روی به رژه وه ندی گشتی خه ڵکی کوردستان داناوه وئه وه نده ی کوردستانیان له گره وناوه بۆسوپای داگیرکه رانی کوردستان دژی یه کتری به مه به ستی بالاده ستی شه خسی وحیزبی به چاره گێکی ئه وه ش بیریان له یه کێتی ڕیزه کانی گه ل وبه رژه وه ندی خه ڵکی کوردستان نه کردۆته وه .خه ڵکی کوردستان امرۆ له هه موکات زیاترپێویستی به یه کێتی وئاشتی وئازادی بیروڕاده ربڕین هه یه ,یه کێتی وئاشتیش پێویستی به ئیراده ی سیاسی هه یه له نێوان هه ردوحیزبی ده سه ڵاتداربۆچاره سه ری کێشه کانیان به له به رچاوگرتنی به رژه وه ندی گشتی له سه روی به ژه وه ندی شه خسی وحیزبی.

شه شه م: به رچاوترین کێشه کانی ڕابه رایه تی هه ردوحیزبی ناکۆک که کردویانه ته بیانوبۆئیدامه ی شه ڕی ناوخۆوشه رعی یه ت به خشین به وشه ڕه وسۆزی جه ماوه ری خه ڵکی کوردستانی بۆڕاده کێشن وڕوی ڕاستی ئیختلافاتی شه خسی وعه شائیری دێرینه ی خۆیانی پێ داده پۆشن,له چوارچێوه ی به رژه وه ندی شه خسی وتێپه ڕناکات وهیچ په یوه ندی به به رژه وه ندی یه کانی خه ڵکی کوردستانه وه نی یه .تائه وه کاته ی هه ردولابه شه ریکی ئه یان کردو ئیان خواردله پشتی په رده ودورله چاوی جه ماوه ری خه ڵک ده نگی لێ نه ده هات وموبه به ینیانه وه نه ده چو,که سیش به که ین وبه ینی سه رفه جۆیی ئه وهه موملاین دۆلارودیناره ی نه ده زانی,له کاتێکداهیچ جۆره ململایه کی سیاسی وئایدولوژی له نێوان ئه ودوحیزبه دا جگه له به رژه وه ندی شه خسی وجودی نی یه ,ماوه ی شه ش ساڵه هه رهه وڵوکۆششێکی خێروازانه وهه ر ڕێگاچاره یه ک بۆکۆتایی هێنان به شه ڕی ناوخۆ وچه سپاندنی ئاشتی یه کی پایه دار سه ری له بن به ست داوه وبه رهه می خه رمانی خوێنی گیان به خت کردوانی چه ندین ساڵه وانفال وکیمیاباران وڕاپه ڕین بۆمه به ستی نامه شروع وسیاسه تی نامسئولانه به رامبه ربه رژه وه ندی خه ڵکی کوردستان وله به رژه وه ندی دوژمنان له سه رده ستی دوحیزبی ناسیۆنالیستی کوردی له گره وی کێ به رکێ دایه .